ئەندامەکی مەکتەبی سیاسی پارتی داوای دووبارە پێکهێنانی دادگای فیدراڵی دەکات



هێشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی پلاتفۆمی (ئێکس) نووسیویەتی: "دوای ناکۆکییە یاسایی و دەستوورییەکانی نێوان دادگای فیدراڵی و ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە عێراق، سەبارەت بەو یاسایانەی لە ماوەکانی دواییدا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکران، ئێستا کاتی ئەوەیە دادگای فیدراڵی پێکبهێندرێتەوە".

هێشیار زێباری باس لەوە پێکهێنانەوەی دادگای فیدراڵی دەکات و دەڵێت: "وەک ئەوەی لەدەستوردا دیاریکراوە کە گرەنتی سەربەخێیی و بێلایەنی و پاکی دادوەری کردووە".